
دوهفته نامه فرهنگی-اجتماعی
آلا




جعفری معاون هماهنگی امور اقتصادی و توسعه منابع استاندار کردستان گفت:

## آمار بالای بیکاری کردستان نتیجه عدم مهارت فارغ التحصیلان دانشگاهی است

عدم مهارت فارغ‌التحصیلان دانشگاهی و متناسب‌نبودن آموزش‌ها با نیاز بازار کار از جمله دلایل آمار بالای بیکاری در کشور و استان است. خالد جعفری صبح امروز در جلسه کارگروه توسعه اقتصادی استان، که دستور کار اول آن تبیین ضرورت توسعه آموزش‌های فنی و حرفه‌ای بر اساس نیاز بازار کار و نقش آن ..................

۴

## پێشمەرگە، جاش، چەتە: فەرهەنگی وتووێژی کوردەواری



کاتێک بە وردی سەرنجی دۆخی وتووێژی ناوچە کوردیەکان، بە تایبەت کوردستانی ئێران دەکەین وشەگەلێک دەکەوێتە بەرچاو کە دەتوانن پیشاندەری کەش و هەوای دیالۆگ و وتووێژی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بن. وشەگەلی سیاسی کە چالاکانی سیاسی کورد بە کاریان دێنن زۆرن. بە بڕوام من ئەمانە لە سێ بەشدا شوناسە دەکرێن وەک: ...............

۲

نیمه اول مرداد ۱۳۹۹
سال چهارم • شماره ۲۴ • ۴ صفحه • ۱۰۰۰ تومان

# خبرنگار، بامردم برای مردم




سخن نخست

## به بهانه روز خبرنگار



**بهنام نیک‌سرشت**

با فرا پیچیده شدن بحران ها و چالش های مختلف در کشور و درهم تنیدگی چند وجهی فرهنگ مردم با چالش های پیش‌رو ، امروز بیش از هر زمان دیگری نیازمند استفاده از ابزار توانمند و فرهنگ سازی چون «قلم» توسط خبرنگاران هستیم تا جاری شدن حقایق را در بافت اجتماعی جامعه توصیف و تحلیل نماییم.

قلم به نشانه بارز پارادایم قلب رسانه ها، جهان را در چنبره خود قرار داده و جهانیان را از پیرامون اوضاع علمی و تکنولوژی آگاه می‌سازد، اینجاست که قلم فرسایان و صاحب قلمان در تمامی عرصه ها نقش آفرینی می‌کنند و اوضاع را ضمن تحلیل و بررسی و ارائه تدابیر و راهکارها به چالش می کشانند، در این اثناء رسانه های آزاد و مستقل و مردمی ضمن اسقبال بیشتر از بطن و ذات مردم، با اهتمام بیشتر و عزم جدی در استیلای فرهنگ رسانه گام بر می‌دارد و ماجراجویانه و حقیقت گویانه حقایق را با عینیت دنبال می‌نماید تا کماکان مورد وثوق اذهان عمومی قرار بگیرند، بر همین اساس و مبنا جراید و سایت های مردمی، حقیقت « با مردم برای مردم» را سر لوحه کار خود قرار داده و با دیدگاه و خط مشی راستین، اوضاع و احوال عمومی( مردم) را با رهیافت کلی و وسیع با داده های کیفی رصد می نمایند.

امروزه اصحاب رسانه و سایت های خبری تنها منبع موثق و راستین جهانی نام برده میشوند و تنها قدرتی که ریشه در واقعیتهای مشهود و بدیهی، موضوعات مختلف را تبیین مینماید، بر اساس قوانین خبر نگاری موضوعات قابل نشر بایستی شالوده منابعی معتبر و عینی باشد و همچنین پژواک حقیقی ارگانها و نهادهای سیاسی را به هدف سازندگی و آگاه ساختن مدیران و مسئولان مورد نقد و بررسی قرار دهد، خبرنگاران بت منابع اطلاعاتی موثق میتوانند چنان سنگری عمل کنند که با آگاه ساختن از واقعیتهای موجود، مردم را مسلح سازند، جامعه مسلح اطلاعاتی را میتوان به طور دائم و همیشه آماده باش تصور نمود، معالوصف متأسفانه سایتها و روزنامه هاییکه از واقعیتهای عینی و راستین خبر و اطلاعات موثق تهیه میکنند یا به ندرت یافت می شوند یا وابستکی حزبی و جناحی و انتخاباتی دارند یا اگر به معنای کلمه « اصحاب» رسانه یا پیام رسانان واقعی باشند مورد محاکمه و بازخواست قرار میگیرند چرا که نشر برخی واقعیتها همیشه برای متولین امر مدیریتها، تلخ و ناگوار خواهد بود، مع ذالک عملکرد چنین مدیریتهایی اگر رسانه ای نگردد به طور حتم ریشه بسی از فسادها روز به روز قطورتر و ناعلاج تر میگردد. در باب لزوم پر رنگ شدن شفافیت خبرها در جامعه تنها راه مبارزه با فساد در دنیا «قدرت رسانه ها» شناخته شده است. و این در حالیست که کمتر رسانه ای را می توان یافت که ضعفها، قوتها، و حتی راهکارها و راهبردها را به طور منسجم و بشر دوستانه عینی و شفاف اطلاع رسانی نماید، رسالت واقعی یک خبرنگار بر آن باید باشد رویکرد و خط مشی هایش را از چشم انداز مردم برگزینند، در واقع صدای مردم باشید و آنچه را که دغدغه‌مند عموی مردم است را به سمع و بصر برساند. و واقف باشیم بر این اصل مهم که رسانه های آزاد و مستقل و فارغ از فشار قدرت سیاسی، مانع از بروز و ظهور و گسترش فساد خواهند شد، بر همین مبنا با نشر و پردازش صحیح، دقیق و سریع اطلاعات، وقایع جامعه. را عینا رصد کرده و در چارچوب قوانین ژورنالیسم به جد و نهایت صلابت و شکیبایی، نقد ها را به هدف سازندگی، و عملکردها را با طرح راهکارها دنبال خواهند کرد.

شەمسەدینی شارەزووری، هاوشێوەی فەلسەفەی(شیکاری)ی هاوچەرخ «زمان» بە هێم وبناخەی فەلسەفە دەزانێ
[ ئەیووب گازرانی ]
صفحه ۲

لە قوتابخانەی شیرازەوە تا حوجرەکانی سلێمانی
[ ڕەزا نووری‌پوور ]
صفحه ۳

کشور نیازمند آموزش های مهارتی
[ اشرف رسولی ]
صفحه ۴

گذشت پنج ماه از شیوع ویروس کرونا در استان کردستان
[ نشمین نوشادی - ایسنا ]
صفحه ۴

دیدگاه

## تو یک فریب خورده سیاسی هستی؟

**منصور شیخی**

«بخش دوم»

برای انتخابات شورای شهر شخص کاندید:

۱) بیشتر در حاشیه های شهر آفتابی می شود.

۲) از لباس محلی ( که واو پانتول ) استفاده می کند.

۳)اگر زن باشد عکسی را روی پوسترش تعریف می کند که مالک آن را در هیچ شوی لباس و کنسرتی نمی توان یافت و همین تصویر آرای زیادی را به صندوقها خواهد کشاند.

۴) اگر در وضعیت کرونا نباشیم، مسجدها و مراسمات ختم را قوروق می کند.

۵) مدام دست راست به سینه دارد که نشان از ارادت و احترامی ملکوتی به مردم داشته و چپ و راست به مردم سلام می دهد حتی به کسانی که قبلا اگر آنها را رودرو می دید راهش را کج می کرد.

۶) به چهره های معتمد و مردم دار، معلمین، ریش سفیدان، ریاست هیئت های ورزشی، سمن ها، فعالین اجتماعی، نویسندگان، روسای موسسات، هنرمندان، قهرمانان، مربیان، مجتمع های مسکن مهر و غیره سر می زند و ارادتی فرا تصور نشان می دهد.

۷) برای شهر اعتبارات استانی جذب می کند.

۸) نماینده و رئیس جمهور را به پیگیری برای اوضاع و تنگناهای معیشتی مردم فریاد می زند.

۹) تمامی خیابان ها و کوچه ها را بازسازی و آسفالت ها را نوسازی می کند.

۱۰) تمامی قوانین کمسیون ماده صد و ماده پنج را به سمت منافعِ مردمِ تنگ دست انعطاف می د هد .

۱۱) از جذب سرمایه های خارجی و کشوری می گوید و شهرستان را جزء منطقه آزاد تجاری می کند.

۱۲) ارتباطش را با مدیران شهری و استانی عالی معرفی می کند و وقتی بین جمعیت قرار گرفته خیلی ماهرانه در توهم با نماینده و فرماندار و شهردار و مدیران شهری تماس گرفته و با تُن صدای بالا وعده هایی را از ایشان می گیرد.

۱۳) وعده انتخاب شهرداری را می دهد که در سطح شهرداران کلان شهرهای دنیا چون "توکیو" قرار دارد.

۱۴) پروتکل های کنونی را برای مبارزه با کرونا غلط می بیند و پروتکل پیشنهادیش به کمیته بحران شهرستان را که چاره گر نهایست منوط به پیروزی در انتخابات ارائه می دهد.

۱۵) خود را از خانواده ای فقیر و درد آشنا معرفی می کند.

۱۶) طی یکی دو روز هفته تبلیغات، آنقدر شعارهایش را فریاد زده که صدایش گرفته و در روز سوم، شما صدای گرفته و قیافه مظلومانه او را در چهره ای قهرمانانه تداعی می کنید که برای واخواهی حقوق از دست رفته مردم چه کارهایی که نکرده.

۱۷) ظرفیت و پتانسیل های شهرستان را آنقدر بزرگنمایی می کند که اولین پیشنهادش به نماینده مجلس را برای استان شدن شهر، وعده می کند.



۱۸) دست روی نقطه بعضی از ارزش های عمومی گذاشته و مانند تعدادی از کاندیداهای ادوار قبل سراغ شیوخ معروف منطقه رفته و از او طلب امداد غیبی و ماورائی می کند و ارادت خود را به خاندان شیخ بیش از پیش با تجدید بیعت مستحکم می کند.

و صدها مثال دیگر از این داستان که پایانی ندارد.

متاسفانه چون فواصل دوره های انتخاباتی چهار ساله می باشد و فشارهای روحی و روانی روزمره و ساعتی مردم، مدام رو به افزایش است این فاصله زمانی برای اقشار آسیب پذیر چهار قرنی گذشته و خاطرات روزهای تبلیغ و انتخابات تا حدودی از اذهان عمومی پاک شده و احتمال افتادن در دام شعارهای کاندیداتورهای فرصت طلب زیاد می باشد، پس گاه گداری مرور کردن این دوران و فریادهای گوش خراش باند و بلندگوهای میدان آزادی( به ر گاراج ) و سخنرانی های ناجیان مردم از واجبات این روزهاست.


البته با جهشی نسبی در شعور سیاسی مردم به واسطه توسعه ارتباطات و دسترسی به حوزه آگاهی در اینترنت و دنیای مجازی تا حدودی کار کاندیداها مشکلتر و ورق های آسشان کمتر و باید روش بازی را تغییر داده و به اصطلاح باید رو بازی کنند که اگر گافی انتخاباتی بدهند به واسطه نظارت دوربین های فعالین اجتماعی گیرنده های مردمی از دسترس خارج شده و بی اخلاقیهای انتخاباتی موجب شرکت حداقلی مردم در انتخابات و حضوری کم رنگ پای صندوق های اخذ رای خواهد شد.

و در نهایت حد اقل کاری که از دستمان بر می آید، حراست از شعور اجتماعی و مالکیت سیاسی بر خاک و بومی ست که متعلق به فرزندانمان است

چون

"پوپولیسم شاخه ای از شعبده بازیست زیرا ما را با ترفندهایش از حقیقت دور می کند و آنچنان ماهرانه واقعیتی دیگر را خلق می کند که سال ها زمان می برد تا متوجه حقیقت شویم."




شورای نویسندگان هفته نامه آلا

دوهفته نامه فرهنگی-اجتماعی

رییس پارک علم و فناوری کردستان در نشست مجازی با شرکت‌ها و واحدهای فناور؛ توسعه استان مستلزم توسعه واحدهای فناور و پارک علم و فناوری است و این مهم با تعامل شرکت‌ها و پارک انجام می‌شود



کوردی

پنج‌شنبه ۱۶ مرداد ۱۳۹۹/ شماره ۲۴/ سال چهارم/ ۴صفحه

# شەمسەدینی شارەزووری، هاوشێوەی فەلسەفەی(شیکاری)ی هاوچەرخ «زمان» بە هێم وبناخەی فەلسەفە دەزانێ



ئەیووب گازرانی

«زبان» شالوده و بنیاد فلسفه‌ی‌نورشهرزوری)

شەمسەدین محەممەد شارەزووری، یەکەزانەڤان (فیلسووف)ی سەدەی حەوتی کۆچی، کەسێک ک مێژوونووسانی فەلسەفەی (بەعارەوی نووسراو) یش، ئاورێکی بەخێریان لێی نەداوەتەوە و زۆربەی زانەڤانانی پاش خۆی (میرداماد و مەلاسەدرا نەبێ ) هەرناویشیان نەهێناوە!

شەمسی شارەزوور، زانەڤانێکی سەربە فەلسەفەی ڕووناکایی یە،ک جیا لەوەی نە یهشت پاش ڕاخوشینی «شەهاو»ی ژیانێ کورتی «سوهرەوەردی»، ڕووناکایی چرای ژیرایەتی و بیروەرزی بکوژێتەوە،ک مامۆستا ی شەهیدی، ٔسوهرەوەردی دایگیرساند.

سوهرەوەردی وەک شێلگیرترین ڕەخنە گری مەنتقی ئەرەستوویی و سەرهۆناسی زانستی مەنتق**ی تەشک( بروانە> ضیاء موحد،نوآوریهای سهروردی درمنطق ) بایەخێکی یەکجار زۆردە دا بە ڕەفت وگفتی بە ئاوەز و ژیرانە، بۆیە بەردەوام بە ڕێبوارانی فەلسەفە وشداری دەدا ک هۆشتان بە ئاکاری خاپینۆکانە،نا تەندروست، چەواشەکارانە و تەنانەت بکوژانەی زمانهوە بێ:

« هۆشتان بێ!

زمانکوژ نەکرێن!»

سوهرەوەردی گرینگی یەکی بێ وێنەی دەدا بە «مغلطە» و چەواشەکاری - نە خوازە چەواشەکاری زمانی - لە ڕەوتی تێ فکرین و بیروەرزی دا، و وەک پەتایەک ک تووشیاری بیرگە و زمانگە هاتووە ، چاو لێی دەکا.

ئاوردانەوەی بیری شارەزووری- وەک خوێندکاری بیرگەی گەورای سوهرەوەردی -لە زمان ومەنتق،لەم نەریتە جێکەوتووەی ڕێباز و شێوازی سوهرەوەردییەوە ،سەرچاوە دەگرێ.

شارەزووری ڕاڤەیەکی شیکارانەی تۆکمەوتەواوی لە «فەلسەفەی ڕووناکایی سوهرەوەردی- د کتێبی «شرح حکمت الاشراق «دا - بەدەستەوە دا و، گەورەترین زانستنامەی فەلسەفە ی»الشجره الاهیه...» نووسی و هەروەها ژیان نامەی فیلسووفانی نووسیوە «تاریخ الحکما: نزهەالارواح و روضە الافراح» ک ئێستاش ژێدەر و سەرچاوەیەکی گرینگی ڤەکۆلەڕان و مێژوونووسانی فەلسەفەیە.

مەلاسەدرا، خاوەنی گەورەترین زانستنامەی فەلسەفە «اسفاراربعە « د سەدەی یازدەی کۆچی دا ، ئەڵهاوبەهرەی زۆری لە زانستنامە تۆکمە و فرەلایەنەکەی شارەزووری ڤەرگرتووە.

یی زانست نامەیە، داگری پێنج پاژە:

پاژی یەکەم: پێشەکی یەکی گشتی: پۆلین کردنا زانست.

پاژی دوویەم :ڕێبیر (منطقە لۆزیک)

پاژی سێیەم : ئاکاروئەخلاق ، ماڵبەڕیوە بردن ، سیاسەت و ڕامیاری.

پاژی چوارەم :زانستێن سروشتی و ئارووینی.

پاژی پێنجەم : زانستی واوەسروشتی و...

ئەوەی پێوەندی بە باسی ئێمەوە هەیە، پاژی دوویەمی زانستنامەی شەجەر...ە، ک بۆخۆی داگری سێ بەشە: لێرەدا هەر ئاماژە بە بەشی یەکەمی دەکەین ک شارە زووری ، باسی فەلسەفەی زمان و لۆژیک ولێک ئالان و لێک نەپساوی دوو چەمکی لۆژیک و زمان دێنێتەئاراوە و هۆی ناواندن و شوبهاندنی کتێبەکەی بە «شجر «(داری ناسیاری ) دەکا .

شەمسی شارە زوور، سەرجەم ناسیاری مرۆڤی شوبهاندووە و وێکچوواندووە بە دارێکەوە : بە پێب ئەم لێک چوواندنە»زانیاری و ناسیاری» وەسە دارێک ، خاوەن ریشە و قەو ولق و .

ئەوەی سەرەنج ڕاکێشە و بۆچوونا دەگمەن و بیوێنەی

شەمسی شارەزوورە، ل دۆر زمان ،کەلە فیلسووفانی سەردەمی ئێمە - سەردەمی «زمانبینی» * و زمانشیکاری - نزیکی دەکاتەوە.

یی ڕازەوان و زانەوانە، فەلسەفەی زمان و زانستێن سەربە زمان بە ڕەگ و ریشەی داری ناسیاری.مەنتق ولۆژێک (ڕێبیر) بە قەدی دار و زانستی واوەسروشتی و خودایی بە لق و پۆی یی شەنگە دارە دەژمێرێ و دەیچوێنێ .

نەجەفقولی حەبیبی، ک لە «شەجەرەی ئێلاهیە»ی شەمسەدینی محەممەدی شارەزووری ،کۆڵیوەتەوە و، ڕاست و ساقی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیووە ،

لەم سۆنگەوە ،ڕەخنە لە شارەزووری گرتووە و، بەرپەرچی بۆچوونەکانی داوەتە وە . دیارە لێکۆڵەری دەقناس ، وەک پێویستە ، ئاگای لە گرینگایەتی ، جێگە و شوێنی فەلسە فەی زمان و،ڕەوتی وەرچەرخانی ناسیاری هاوچەرخ، لە بوون ناسی و ڕەوان ناسییەوە ، بۆزمانبینی* و زمان شیکاری نییە، بۆیە لە کرۆک وکاکڵی بە پێزی نووسەری دەق و لە بۆچوونا ورد و قووڵی شارەزووری نەگەیشتووە ، بۆیە بە ڕێز حەبیبی دەڵێ :

«بەڵام تا ئەو جێگەی ڤەدەگەڕێ بۆ دروستی مەبەست و جیهانی واقیع ،ڕێک بە پێچەوانە و بەراوەژووی بۆچوونا شارەزووری ڕاستە «

دە ڕاستی دا ، شارەزووری بەم وێک چوواندنەی ،زمان بە ڕەگ و ریشە و بنەمای هەموو زانستەکان دەزانێ .و بەم شێوەیە پلە وپێگەیەکی هەرەبەرز بە زمان و زانستێن سەر بە زمان دەبەخشێ .کە لە کەلەپووری فەلسەفی بە عەرەب نووسراوی پێشینیان دا بیر و بۆچوونێکی نوێ و داهێنەرانەیە. و بەم پێیە فەلسەفەی زمان لە فەلسەفەی گشتی دا دەبێ بە هیم و بنەما .

شارەزووری بەم وردبینی و تێبینی یانە، لە تێخوێندنەوەی نوژەن وئەمرۆیی لە زمان نزیک دەبێتەوە .

* (پێشەکی یان پاشەکی یەکی ناپێویست!

ئەوە کە نفش وبەرەی ئەمڕۆ،نەخوازەڵە، ئێمەی بیرڕووناکی کوردەواری، شەمسەدینی محەممەدی شارەزووری، فیلسووفی سەدەی حەوتی کۆچی ناناسین ، ئەوە ڤە دە گەڕێ بۆ درم و پەتایەکی بڤە و پرمەترسی ، کە وێناچێ ،بەمزوو، لە کۆڵی ئێمەی کڵۆڵ بێتەوە.

ئێمە بە نێو گ شتێک دا ڕۆدەچین:بە نێوئاگر و جەنگ دا و، بە نێو سیاسەت و تەنانەت گەرووی گرکان و حەزیا ش دا، بەڵام بە نێو »فەلسەڤە»دا نا!

سەدای سەدی هەست و نست و وزەی مەردمێک، کە ئێمە بین، سیاسەت هەڵی دە لووشێ ، کەچی ئێمەی بیرڕووناکی سیاسەت بردە(سیاست زدە ) ی ئەم کوردەوارییە، لەبەر تەشەنەی ئەو پەتا بڤەیە، ئامادە نین .

هەزاریەکی وزەی ئاوەز و هێزی هزریمان تەرخانی»فەلسەفەی ڕامیاری»( یا بە زاراوەی فەلسەفەی بەرگ «سیاست مدن»)بکەین !

وا زۆربەی حێزبەرامیارییەکانی کوردە واری، پاش چەند دەیە، لە باری فکر و هزرییەوە ، بە موو چییە نە گۆڕاون، هەربەودەقەی جاران -لاو- ماون و،تێدامـاون و داماون !


یان سەرەنج بدە، چۆن تاکە»ڕێبێژ»وشێوە دەربڕینی خەڵک و مەردمی ئێمە هەربڕیتی یە لە شێعر هەڵبەست!

ڕامیار،ڕووناکبیر، وێژەناس و ڕەخنەگر وتەنانەت زانستوەریش،هەربە زمان هەڵبەست و پەخشانی شێعر بدوێن!

جا دیارە مەردمێک، کە ئێمەین،لەباتی ژیرایەتی و تێفکرین، خوومان بە کەلجان وهەست وسۆزە وە گرتووە. جا گەرەک ناگەرەک، هەرئەشێ سەرلە:

ژێردەستی، کیمیاباران، ئەنفال، حێزب فەرمانی، فەرهەنگی نادەربەست و ناتە ندروستی ڕامیاری وحێزبایەتی نا دەربەست ...دەربێرین !

با لە هەموو بواروبوارگەی چالاکی ڕامیاری، فەرهەنگی، ئەدەبی، ڕە خنە، ئابووری ، فێرکاری، زانکۆیی، وەرزین و... دا، ئەگەر دە مانەوێ کردوکارمان ڕەسەن،کارا و کارامە بێ ، با بایەخ بە هەرەوهزی هزری وبیروەرزی بدەین.)




---

** وێدەچێ، وشەی»منطق: ڕێ بیر» نە لە» نطق «ی عەرەبی بەڵکوو لە وشە ی»مەنتر»و»مەنتەر»کردنی پاڵەیی یەوە هاتووە،( فرەپاتەکردنەوەی وشە و...) دە زمانی سانسکریت وهێندی دا بۆتە»مانترا»واتە» ذکر»

اداره کل راهداری حمل و نقل جاده‌ای استان کردستان

سازمان راهداری و حمل و نقل جاده‌ای

شماره مناقصه: ۷۳/۹۸/۳۵

شماره مناقصه در سامانه ستاد: ۲۰۹۹۰۰۱۱۷۳۰۰۰۰۲۲

تجدید نوبت سوم مناقصه عمومی یک مرحله‌ای با ارزیابی کیفی به روش فشرده

کارفرما: اداره کل راهداری و حمل و نقل جاده‌ای استان کردستان به آدرس: سنندج، چهار راه اکباتان، روبروی استادیوم ملک‌نیا، کدپستی ۶۶۱۵۷۶۳۱۵۴

موضوع: تجدید نوبت سوم مناقصه عمومی یک مرحله‌ای با ارزیابی کیفی به روش فشرده اصلاحی زود بازده نقاط حادثه‌خیز محور دهگلان تقاطع‌های قاضی‌آباد و سرینجیانه

مبلغ برآورد اولیه: طبق جدول ذیل و براساس فهرست بها راهداری ۱۳۹۹ می‌باشد.

| ردیف | عنوان | شماره مناقصه | شماره مناقصه در سامانه ستاد | برآورد اولیه به ریال | مبلغ تضمین شرکت مناقصه به ریال |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | اقدامات اصلاحی زود بازده نقاط حادثه‌خیز محور دهگلان تقاطع های قاضی‌آباد و سرینجیانه | ۷۳/۹۸/۳۵ | ۲۰۹۹۰۰۱۱۷۳۰۰۰۰۲۲ | ۲۶،۸۶۳،۵۶۲،۲۲۹ | ۱،۳۴۴،۰۰۰،۰۰۰ |


مبلغ تضمین شرکا در مناقصه: طبق جدول فوق به صورت ضمانت‌نامه بانکی با اعتبار سه ماهه و با سایر تضامین اعلام شده طبق تصویب‌نامه هیات محترم وزیران به شماره ۱۲۳۴۰۲/ ت ۵۰۶۵۹ هـ مورخ ۱۳۹۴/۰۹/۲۲ می‌باشد.

کلیه شرکتهای دارای رتبه ۵ رشته راه و ترابری از سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی کشور مجاز به شرکت در مناقصه می‌باشند.

مدارک و اسناد مناقصه از تاریخ ۱۳۹۹/۰۵/۱۸ در سامانه تدارکات الکترونیک دولت (ستاد) www.setadiran.ir از ساعت ۰۸:۰۰ قابل دریافت می‌باشد.

مهلت دریافت اسناد مناقصه از تاریخ انتشار نوبت دوم آگهی به مدت ۸ روز و حداکثر تا تاریخ ۱۳۹۹/۰۶/۰۸ ساعت ۱۴:۰۰ می‌باشد. زمان بازگشایی پاکات پیشنهاد قیمت ساعت ۰۸:۰۰ صبح ۱۳۹۹/۰۶/۰۹ می‌باشد.

# پێشمەرگە، جاش، چەتە: فەرهەنگی وتووێژی کوردەواری



سەیید هاشمی هێدایەتی

کاتێک بە وردی سەرنجی دۆخی وتووێژی ناوچە کوردیەکان، بە تایبەت کوردستانی ئێران دەکەین وشەگەلێک دەکەوێتە بەرچاو کە دەتوانن پیشاندەری کەش و هەوای دیالۆگ و وتووێژی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بن. وشەگەلی سیاسی کە چالاکانی سیاسی کورد بە کاریان دێنن زۆرن. بە بروام من ئەمانە لە سێ بەشدا شوناسە دەکرێن وەک:

* وشەی گۆڕدراوی زاراوەیی ولەهجەیی وەک: دێمۆکراسی. ڕیفۆرم. سوشیالیزم. دیکتاتۆریەت. پرۆپاگاندا و چتی وا

* وشە وەرگێڕدراوەکان لە زوانەکانیتر وەک: شۆڕش. خەبات. هێرش. چالاکی. گۆڕان. ژێرچەپۆک. داگیرکەر. سەربەخۆیی و چتی وا

* وشە ڕەسەنە کوردیەکان وەک: پێشمەرگە، جاش. چەتە

یەکم. ئەو وشانەی کە هین فەرهەنگی کوردە نیە بەڵام بە بۆنەی هێزو توانایی و دەسەڵاتی جیهانی ئەو وشەگەلە و بە کار هێنانیان لە گشت وڵاتەکاندا، لە زوانی ئینگلیزی یان فەرانسی و ئاڵمانیەوە وەر گێڕاوەتە سەر زوانی کوردی و بە لاجەو و شێوازێکی تایبەتی کوردەکان دووپات دەکرێتەوە. ئەم جۆرە وشەگەلە لە زوانی ڕەسەنی خۆیاندا ماناێکیان هەیە کە زۆرجا لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا جۆرێکیتر مانا دەکرێتەوە. تارادەیێک بگرە ئەگەر ئینگلیزی زانێکی ڕەسەن لە گەڵ کوردێکدا وتووێژ بکات تێ ناگات کوردەکە چی دەڵێت. بۆ نموونە زۆرجار وتووێژکەرانی کورد شتێک لە دێمۆکراسی وریفۆرم تێ دەگەن کە بگرە لەگەڵ ئەوەی ئینگلیزی زوانەکان بۆی دەچن ئەرز و ئاسمان تۆفیری هەبێت. کوردە سیاسیەکان کە زۆربەیان ئەندام یان لایەنگر و سەمپاتی حێزب و تاقمێکی سیاسی یان کەسایەتیێکی سیاسین یان ئەدای لایەنگری ئەوان دەردێنن لایان وایە دێموکراسی بریتیە لەوەی خەڵک بەس ئازادن ئەو جۆرەی بیر بکەنەوە و چالاکی بنوێنن کە ئەوان و حێزب و ڕێبەرەکەیان بۆی دەچن. یان لایان وایە ڕیفۆرم و ڕیفۆرم خوازی ئەوویە کە ئاکامەکەی بێتە ئەوشتەی ئەوان و حێزب و پێشەواکەیان پێیان خۆشە، ئەینا دەبێتە دیکتاتۆریەت! یان سەبارەت بە سوسیالیزم. ئەوەشتەی پێشەوا و بناغە داڕێژەرانێک وەک مارکس و ئەنگلس یان بیرمەندانی پێش و پاش ئەوان وتوویانە نادرێت لە قەڵەم ورچاو ناکرێت بەڵکۆ ئەوان بە جۆرەی مانای دەکەنەوە کە خۆیان پێیان خۆشە. ئەم ڕەوتە بۆ کومونیزم و مارکیسم لنینیزمیش هەروایە. یان بۆبۆرژوازی و پرۆڵتاریایش. ئێوە بزانن مارکس چ کەسانێ بە پرۆڵتاریا دەزانی و لایەنگرانی مارکس لە کوردەواریدا چۆن بۆی دەچن و لە کوێ بە دوای پرۆڵتاریادا دەگەڕێن.

ئەم شێوازە بگرە لە زۆربەی وڵاتە غەیرە ئینگلیزی زوانەکاندا ڕچاو بکرێت. نیازم لە ئەم باسە ئەوە بو کە بڵێم لە فەزای وتووێژی نێوان چالاکەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان مانا کردن و پێناسەی دێموکراسی، ڕیفۆرم، سوسیالیسم، پرۆڵتاریا و بۆرژاو شتی وا بە جۆرێکە زۆر لەگەڵ مانای بنەڕەتی ئەو وشەگەلا ڕێک ناکەوێتەوە و ئەوەی بە سەر ئاسمانی وتووێژی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا زاڵە شێوازی عەشایری و بێگانە لە تەک مۆدرنیتە دایە.

دووهەم ئەو وشەگەلەسە کە لە زوانی ئەسڵی(ئینگلیزی، فەرانسی یان ئەڵمانی بۆ سەر زوانی کوردی وەرگێرانەتەوە وەک؛ شۆڕش، خەبات، گۆڕان، بەرە، دەسەڵات، داگیرکەري ژێرجەپۆکە، گەشە، نەتەوە وچتی وا کە بۆ وشەگەل؛ انقلاب (Revulation)، مبارزە (Fight)، تغییر (clange)، جبهە (front) و توسعە (Devlopment)، ملت( (nation و... هەڵبژێردراون. دیارە لەم وەرگێرانەشدا کوردەکان بە پێ فەرهەنگ و ئەو بەرداشتەی خۆیان هەیانە مانایان دەکەنەوە و بە کاریان دێنن. وەک شۆڕش کە لە بنەڕەتدا بە مانای ڕاپەڕینی زۆرینەی خەڵک بۆ تێک شکاندنی دەسەڵاتێکە، کە چی لە ناوکوردەکاندا چەندەها شۆڕش ناوبراون کە بە دەس تاقمێک چەکدار یان ناوچەیێکی بووچک بە ڕێوە براون و هیچ نزیکیان بە مانای ڕاستەقینەی شۆڕشەوە نەبوە و نییە. لە

وشەی نزیک بە شۆڕشیش وەک بزوتنەوە هەر ئەم دووری مانای کوردی تەک مانای ڕەسەنی وشەی جنبش (movement) بە چاو دەکرێت. دیارە دونیای مدرن لە پاش مۆدرنیتە وشەگەلێکی خولقاندوە کە لە سەر سفرەی رۆنسانس هاتوونەتە ئاراوە. ئێمەی کورد کە هێشتا زۆرینەی فەرهەنگەکەمان عەشایری و تایفەگەری و یا لە سەر ڕوانگەی مەزهەبی, قورس بووگە, نەمانتوانیوە خۆمان و بیرمان و چالاکیەکانمان لە سەر مانای ڕاستەقینەی دێموکراسی، شۆڕش، خەبات، دیالۆگ و شتی وا دابمەرزێنین. بۆیە لەو سەد ساڵەی دواییدا کە کوردیش ئاوێتەی چالاکی نوێ بووگە نەمانتوانیوە وەک خۆی لە گەڵ ڕەهەندوڕەوت و شێوازی مۆدرنیتە هەڵسان و دانیشتن بکەین. بە بڕوای من تەنیا چالاکێک کە کورد لە ساڵانی ئەخیردا، بە گشتی وراستەقنە توانیویە لە سەر ڕەهەند و ڕەوتی ڕاستەقینەی دونیای نوێ، لە باری سیاسیەوە بە ڕێوەی ببات ڕێفراندۆمی سەر بە خۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوو کە بە داخەوە زۆر لە ڕۆشنبیران و چالاکە سیاسیەکان، بە تایبەت پاشماوەی چەپی ناوخۆیی کەوتنە گیانی و بە جید تێکۆشان بیدەن بە عەرزا، کە دایشیان! دیارە بۆ خۆ ڕێک خستنی کورد لەگەڵ مەرام و باوەڕی مۆدرنیتە نیازە بنەما و سەرگوزەشتی دێموکراسی و شۆڕش لە جیهانی نوێدا بکرێتە سەرمەشق و ددانی پێدا بنرێت. ئەڵبەت ئەو قسەی من بەو مانا نییە کە لەو ڕێگەدا فەرهەنگ و پێشینەی کورد چاو نەکرێت. نا من لام وایە دەبێ بۆ چوون و چالاکیەکانمان بە پێوەری مۆدرنیتە هەڵ سەنگێت و تێ بکۆشین خۆمان لە پێوەرەکانی دونیای عەشایری و ئایدیولۆژی دوور بکەینەوە. ئەگەر وامان کرد دەتوانین هیوادار بین وڵاتمان بەرەو گەشە دەروات.

پێم خۆشە چەن ڕەستە سەبارەت بە دوو وشەی ژێر چەپۆکەو وشەی داگیر کەر بکەم کە گەرچی مانا کراوی وشەگەل ((زیر سلطە و مهاجم)) فارسی یان (rapist, Dominated ) ئینگلیزین، بەڵام لە ساحەی وتووێژی ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا مانا و چێژێکی تایبەتی هەیە. خەباتکاران و چالاکانی سیاسی کورد وە بگرە چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنیش هەموو لە سەر ئەو شتە راوەستاون کە کورد ژێر دەسە و ژێر

»

دوهفته‌نامه فرهنگی-اجتماعی ئالا

طـی حکمـی بـا حضـور فرمانـدار دیوانـدره و مدیـرکل هواشناسـی کردسـتان، سـید هاشـم حسـینی دانش آموختـه دکتـری جغرافیـا از نیروهـای بومـی شهرسـتان، بعنـوان سرپرسـت اداره هواشناسـی دیوانـدره معرفـی شـد.



کوردی

پنج‌شنبه ١٦ مرداد ١٣٩٩/ شماره ٢٤/ سال چهارم/ ٤صفحه

## پێشمەرگە، جاش، چەتە: فەرهەنگی وتووێژی کوردەواری

چەپۆکەیە و دەسەڵاتدارەکانیان لە چوار پارچەی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریە، داگیر کەرن. لە دونیای غەیری کورددا داگیرکەر بەو هێزە دەسەڵاتدارەی دەوترێت کە بە زۆر هاتبێت و نیشتمان و ماڵ و سامانی گەلێکی داگیرکردەبێت و ئەوان وەک بەردە گوێ بە فەرمانی داگیرکەر بن. دیارە لەو دۆخەیدا گەلی ژێر چەپۆکە هیچ مافێکی نییە و هەر جۆری داگیرکەر ئەمر دەکات وا ژین دەباتە سەر. لە ڕاستی‌دا کورد ئەوەتا بووگە و ناوی هەیە لە وڵاتی ئێران ژیاوەو پاش دەوڵەتی ماد لە دەوڵەتی هێخامەنش بەدواوە تا ئێستا وەک هاوبەشی دەسەڵاتداران لە ئێران ژینی بردئتە سەر. بەڵام ئەوەی لە وتووێژی چالاکانی کوردی ئێرانی رچاو دەکرێت هێشتا خۆیان بە ژێر چەپۆکە دەزانن و فارس بە داگیرکەر؟ ئەم بۆچوونە بگرە بۆ کوردی عێراق و سووریا کە ژێر چەپۆکەی عەرەبن و کردی تورکیا کە ژێر چەپۆکەی تورکن ڕاس بێت بەڵام ناو بردنی داگیرکەر بۆ فارس لە ئێراندا جێگای پرسیارە. ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نیە من ئینکاری زوڵم و جەفای فارسەکان سەبارەت بە کورد بکەم باسی من مانا کردن لە وشەگەل ژێردەسەڵات و داگیرکەرە. ئەم باسە پێویستی بە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە بەڵام ئەم یادداشتە شوێنێکی باش نیە بۆ پەرەدانی.

سێهەم چەن وشەی تایبەتی کۆمەڵگای کوردە کە لە سەر فەرهەنگ و ڕابردووی کورد پایەرێزی کراون و نموونەکەیان لە نێو میللەتانی‌تردا بەم شێوەیە چاو ناکرێت یان هەیە بەڵام دەقاندەق بەم شێوە نیە وەک؛ پێشمەرگە، چەتە و جاش. دیارە ئەم وشەگەلە کە دەس کەم لە حەفتا ساڵی ڕابوردوو بە زۆری لە نێوان وتووێژکەرانی کورددا بە کار هێنراون دەتوانن تا ڕادەیێک کەش و هەوای ئاسمانی دیالۆگ و وتووێژی ڕۆشنبیران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچە کوردیەکان پیشان بدات. ئەگەرچی وشەی پێشمەرگ لە زوانی کوردی و فارسیشدا پێشینەیێکی زۆر درێژی هەیە و بەو کەسانەی دەوترێت بۆ متمانە لە نەبوونی سەمی نێو خۆراکی پاشا و گەورەکان لە خواردەمەنی ئەوانیان دەخوارد، بەڵام بە کار هێنانی وشەی پێشمەرگە لە دونیای سیاسەتدا دەگەڕێتەوە بۆ حەفتا و پێنج ساڵی پێش کە خوالێخۆشبووگ قازی موحەممەد لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕەسمیەتی ناوخۆیی کۆماری سەر بە خۆی مەهاباد ناوی ئەرتەش وهێزە چەکدارەکانی خۆی نا ((پێشمەرگە)). واتا هێزی چەکداری حیزبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە لە دوایندا بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەرتەشی کۆماری مەهاباد بو بە پێشمەرگە. کە وایە بناغەی دارشتنی وشەی سیاسی پێشمەرگە لە ناو کوردکاندا ئەو هێزەی بوو کە بۆ پاراستنی کۆماری کورد رچاو کراوە بەڵام پاش روخانی کۆماری مەهابادیش تەواوی ئەو هێزە سیاسیە کوردانەی روویان کردۆتە خەباتی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران و عێراقدا، خۆیان بە پێشمەرگە ناساندوە وەک بلێی پێشمەرگە ئیتر چریک و گریلا (Guerilla) نیە بەڵکو خەباتکارێکی سیاسی کوردە کە شەڕی چریکیش دەکات. کەوایە لە ڕێکخراوەیێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق تەواوی ئەندامەکانی ئەو دوو حیزبە پێشمەرگەن، گەرچی چەکداریش نەبن. بەم شێوە پێشمەرگە لیباسی سیاسی لە بەر کردوە. نیازی بە وتنە کە لە کوردستانی تورکیا و سوریە حیزبی پارتی کرێکارانی کورد و هاوپەیمانانی بۆ پێشاندانی جیاوازی ڕەوتی خۆیان لەگەڵ کوردەکانی عێراق و ئێران، چەکدارەکانی خۆیان بە ناو گریلا واتا چریک ناو ناوەو قەت خۆیان بە پێشمەرگە ناو نەبردوە.

لە سەر ئەم بۆچوونە لە نێگای ئەوەڵدا دەبێ چاوەڕێ ئەوە بکەین کە پێشمەرگە هێزی سیاسی و چەکداری پارێزەری کورد و کوردستان بێت بەڵام لە ڕاستی‌دا و لە واقعییەتی کۆمەڵگای کوردەواریدا وشەی پێشمەرگە لە لای لایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا ئەورۆ وەک کەرەسەو دارەدەستێک دێتەچاو بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ ئەو کەسانەی کە بۆ چوون و مەرامی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەیان بە دڵ نەبوبێت. هەر بۆیە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ڕێز و شوێنگەی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵگادا کەمی کردهوەو تەرازی سەندوە. بۆ چونکوو خەڵک دەبینن هێزە سیاسیەکان تەنیا خۆیان پێ پێشمەرگەس و کەستریان پێ پارێزەری کوردو کوردستان نیە. بەم شێوە کە تاقمێک خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت و هەرکەس وەکوو ئەوان نەبێت لە خزمەتگوزاری و چالاکی بۆ ڕزگاری کورد و کوردستان و لادەنێن و قتیان دەکەن و بە جاش، واتا دژی کوردو کوردفرۆشیان دادەنێن. هەروا کە هەموو دیومانە و دەی بینین پێشمەرگەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە شەڕی پارتیزانی دژی دەسەڵاتی بەعس، پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی یان پێ جاش بوو و ئەوانیان بە پێشمەرگەی کوردستان نەدەزانی. ئەویش بڵێم هاوکات لەگەڵ پێک هاتن و بە کاربردنی وشەی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراقدا وشەی جاشیس دارێژراوە و هەر تاقم و گرۆهێک بۆ سووکی کردن بە موخالیفانی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە ئێستایش تێکهەڵجون و دووبەرەکێ «جاش - باش» لەناو چالاکانی سیاسی کورددا هەر بەردەوامە.

نموونەکان زۆرن. لە کوردستانی ئێرانیشدا هەر هێزیکی سیاسی کورد، هێزە سیاسییەکانی کوردی موخالیفی خۆی بە جاش دەزانن و هەرچەشنە لایەنگریکی حکومەتیشیان پێ کوردفرۆشی وجاشیەتیە. کونگرە چواریەکانی حیزبی دێموکراتی ئێرانیش کە لە ساڵی ٥٨ لە ڕێزی حیزب جیا بوونەوە، دەبیرکوللی حیزب و لایەنگرانیانی بێ جاش بوو. ئەوانیش ئەمانیان بێ جاش بوو. لەو دواییانەیش‌دا کە حیزب بوو بە دو لق دیسان هەریەک ئەویتریان بە جاش دەزانی و لەسەردەمێدا زۆریان لە یەکتر کوشت. هەروەها کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە حیزبێکی کومونیستیە، هێزەکانی حیزبی دێموکراتیان پێ جاش بوو یزبییش ئەوانی پێ جاش بوو وبەم ڕوانگاوە لە سالانی ناوەندی دەیەی شەستی کۆچی هەتاوی زۆریان لە یاکتر کوشت. ئەو دوو بەرکیێ نێوان حیزبە سیاسیە کوردەکان زۆر بەربڵاوانە پەرەی سەندوەو ئێستا هەر هێزێکی سیاسی کورد، کە چەکداریش نەبن موخالیفەکانی خۆیان، کە چەکداریش نەبن بە جاش دەزانن. وشەی جاش گەلە وشەی جەیش عەرەبی وەرگیراوە بۆ ئەوەڵین جار لە لایەن هێزەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە ڕێبەری بارزانی دژ بە هێزەکانی جەلال تاڵەبانی ڕێبەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق بە کار برا. کە پاڵیان دا بە حیزبی بەعسی عێراق وشان بە شانی جەیشی دەوڵەتی دژ بە پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات شەڕیان دەکرد. ئیتر لەو زەمانە بە دواوە تا ئێستا وشەی جاش وەک تانەیێکی سووتێنەر بووگەسە بایس دوو دەسەیی و چەن دەسەیی ناو کوردەکان. کە واتا هەر چالاکێکی سیاسی کورد خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان دەزانێت و موخالیفەکانی خۆی بە جاش ناو دەبات. هێزە دەوڵەتیەکانیش بۆ سووکایەتی کردن بەو هێزە سیاسیە چریکی و گریلا و پێشمەرگانەی دژی دەوڵەت رابوەستن بە ناو چەتە ناو دەبات. «چەتە» وشەیێکی رەسەنی کوردیە بەو دەستە دز وجەردانەێ دەوترێت کە بە سیلاحی گەرم و کوشندە سەر ڕێ کاروانەکانیان دەگرت و رووتیان دەکردنەوە. واتا سارقێ موسەللەح. دەوڵەتە زاڵەکان بە سەر کوردەواریدا بۆ سووکایەتی کردن بە خەباتکارانی کورد، بە تایبەت ئەوانەی خەبانی چەکدارانە دەکەن پێیان دەڵێن چەتە. هۆی ئەو ناوبردنە هێرش کردنی ناخلافانەی پێشمەرگە بە سەرماڵ و سامان و بنکەکانی هێزە دەوڵەتیەکان یان سەر ڕێ گرتنیان لە ڕێگاکانی هات و چوو بوە.

بەم شیوە دەبینین سێ وشەی سیاسی تایبەتی ناوچە کوردیەکان (پێشمەرگە، جاش، چەتە) بووگنەسە کەرەسەیێک بۆ سووکایەتی کردن هەر تاقم و گرۆی سیاسی بە موخالیفەکانی خۆی. هەر چالاکێکی سیاسی کورد خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت و خەباتکاری ڕزگاری کوردستان ئەوانەی دژی ئەونەبن بە جاش دەزانێت. دیارە حکوومەتە زاڵ بووگەکان بە سەر کورددا بەم شێوازە ناحەزەیان زانیوە و پێیان ناخۆش نییە ئەو دووبەرەکی و چەنبەرەکیەی «جاش و باش» هەتاهەتایە لە ناو کورددا بەردەوام بێت تاوەکوو کوردەکان بەجێ دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمکار هەر خەریکی شەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی بن. بەداخەوە ئەو سێ وشە پیشاندەری دووری چالاکە سیاسییەکانی کوردە لە ڕەوت و شێوازی مەدەنی و دونیای مودێرن وپیشاندەری زاڵ بوونی فەرهەنگی عەشایری و تایفەگەریە. وادیارە کورد زۆری ماوە بکەوێتە سەر ڕەوتی مۆدێرنیتەو دیالۆگی نوێ و نوێ خوازی.

# له قوتابخانەی شیرازەوە تا حوجرەکانی سلێمانی



**نووسین و لێکۆڵینەوەی: ڕەزا نووری‌پوور**

